# عەدنان کەریم لە "حەبیبە"دا دەیەوێ چی نوێمان پێ بگەیەنێت؟

وشیار ئەحمەد ئەسوەد

یەکەم جارم نییە لەبارەی هونەرمەند عەدنان کەریم قسە دەکەم و هەڵسەنگاندنی خۆم خستووەتە ڕوو و زۆر لە کارەکانیم شەنوکەو کردووە، لەوەیش زیاتر قسەکردن لەسەر ئەو ستایلە تایبەتەی ئەو هونەرمەندە، ماوەیەکی کەم نییە گرتوویەتییەبەر و هەوڵی داوە داهێنانی تێدا بکات کە جەماوەر لە دەوری کارەکان و دەنگەکە کۆ دەبنەوە و لەگەڵیدا بۆچوونی زۆرینەی هونەرمەندان لەبارەیەوە ئەوە دەگەیەنێ کە بەڕاستی توانیویەتی ئەو نیشانانە بپێکێ کە ئامانجی بووە، خۆ ئەگەر سەرنجێکیش لەبارەی جۆری ستایل و هەڵبژاردنی میلۆدی و موزیکەکانی هەبێت، دەبێ بە وردی و هەستەوەرییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئەو هونەرمەندە گەیشتووەتە ئاستێکی هونەری و چووەتە ناو جەماوەر و لەگەڵیاندا ئاوێتەبووە، ئەمەش وای کردووە ئاماژەدان بە کورتە سەرنج و ڕەخنەیەک، ئەگەر هەبێت، ئاسان وەرنەگیرێت، بۆیە یان دەبێ هیچ نەنووسێت، یان لە نووسین و هەڵسەنگاندندا دەبێ بوێر بین.

پێشتر گوتوومە و ئێستایش جەخت دەکەمەوە، نووسینی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ڕەوتەی عەدنان کەریم کاری لەسەر دەکات و ئەو جۆرە ستایلە لە گۆرانی و هەڵسوکەوت لەگەڵ کلاسیک، ئەستەم دەبێت، لەبەرئەوە نا کە نەتوانین هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بەڵکو بە پیرۆزکردنی هونەرمەندەکە و شێوازی هونەری و سۆزی دەنگ و شارەزایی لە هەڵبژاردنی شیعر و میلۆدی لەلای ئەو، وای کردووە خەڵکی ئاسایی، تەنانەت توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەواریش، ئامادە نەبن سەرنجەکان وەربگرن و وەک پرۆسەی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لێی بڕوانن، بۆیە زۆرینەی لێکدانەوەکان بەو جۆرە دەخرێنە ڕوو کە تۆ قسە لەسەر هونەرمەندێکی دیاریکراو بکەیت و بتەوێ بیدەیتە بەر نقورچ و لە بەها هونەرییەکانی کەم



عەدنان کەریم

بکەیتەوە، نەک پێویستییەکانی هونەری کوردی کە تەنیا بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی هونەری و شارەزایی لە بوارەکان گەشە دەکات، نەک هەر بۆ بەرژەوەندی هونەر بەگشتی، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی هونەرمەندەکەیش، ئەمە وامان لێ دەکات بوێر نەبین لە دەرخستنی بۆچوونە جیاوازەکان، نەک هەر جەماوەر و هەوادارانی هونەرمەندەکە بە خوێندەوار و نەخوێندەواریشەوە، بە پیرۆزکردنی هونەرمەندەکە وایان لێ دەکات بایەخ بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکان دانەنێن و بە ناحەز خوێندنەوەکەت بخوێننەوە و وەری بگرن.

بەپیرۆزکردنی کەسەکان لەهەر بوارێکدا بن، وامان لێ دەکات لە پرۆسەی ڕەخنە دووریان بخەینەوە کە ئەمەیان ئەوەندەی لێدانە لە کەسایەتییەکان خۆیان، ئەوەندەیش زیان بە بوارەکە دەگەیەنێت، نموونە زۆرن، تەنیا نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە، ساڵانێک بەر لە ئێستا لە نووسینێکدا قسەم لەسەر ئەوە کردبوو کە هونەرمەند عەلی مەردان ئەوەندەی مەقامبێژە، کەمتر گۆرانیبێژە، بێگومان ئەمە بەپێی شارەزایی خۆم لە بوارەکە و بەڵگەیشەوە ئەو بۆچوونەم خستبووە ڕوو، کەچی دواتر نەک هەر ڕەخنە و نقورچ، جنێوبارانیان کردبم وەک بڵێی سووکایەتی بە پیرۆزەکانیان کرابێ، چونکە ئەو هونەرمەندە بە پیرۆز تەماشا دەکرا، لەکاتێکدا عەلی مەردان لە گوتنی مەقام و شارەزایی لەو بوارەدا گەورەترین مامۆستای کوردە، بەڵام لەناو سەدان میلۆدی و گۆرانیدا کە ئەو بڵاوی کردوونەتەوە، ئەگەر بتەوێ ئاماژە بەناوی گۆرانییەکان بکەیت کە زۆر دیارن، ناتوانی (٢٠ تا ٣٠) گۆرانی تێپەڕێنی، واتە دەیان گۆرانی عەلی مەردان هەن تا ئێستا ئێمە نەمانبیستوون، یان هەرسمان نەکردوون و پەیمان پێ نەبردوون، خۆ ئەگەر قسە لەسەر مەقامەکانی بکەیت، هەمووی دیارن و دەیان کەسیش لە ڕێگەیانەوە فێری مەقام بوون، نەک گۆرانی.

بۆیە کێشەی ئێمە تەنیا بیرکردنەوەی جەماوەر و هەواداران نییە، بگرە زیاتر بیرکردنەوەی هونەرمەندان خۆشیان کێشەکەمان زەقتر دەکاتەوە، هیچ نەبێ بۆ ئەم قۆناغە بیرکردنەوەکان وا ئاڵۆز بوون کە هونەرمەند تەنیا دەیەوێ ئاماژە بە خاڵە ئەرێنییەکانی بکرێ، لەوە زیاتر ئامادە نییە قسەکردن لەسەر خاڵە نەرێنییەکانی وەربگرێت، بۆیە نووسینی ڕەخنە لەلای ئێمە نەبووەتە کولتوور تا گوێ لە شارەزایانی بوارە جیاجیاکان و بە بەرژەوەند وەربگیرێت، بۆیە دەبینی زۆربەی نووسینەکان موجامەلەی تێپەڕ نەکردووە کە ئەمەیان سوودی بۆ هیچ بەرهەمێکی هونەری نابێ ئەگەر لە شەنوکەوکردندا ئاماژە بە خاڵە نەرێنییەکان نەکرێت، لەبەرئەوە نووسینی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆ کارە هونەرییەکان ئەوەندە پەرپووت و لاواز بووە، دەتوانی بە نەبوو ئاماژەی پێ بکەی، ئەوەی هەیە کورتە هەواڵ و کورتە ڕاپۆرتی نەترازاندووە، ئەمەیش تەنیا ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بۆ بەرهەمەکان، نەک هەوڵدان بێ بۆ گەشە هونەرییەکە کە ئێمە و هونەری کوردی پێویستیمان پێیەتی، لەبەرئەوە ئێسک گرانترین کەس لەلای هونەرمەندان، ئەو نووسەرەیە کە ڕەخنە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە دەگرێ و خۆی لە موجامەلەی بێ مانا دوور دەخاتەوە، کێشەی منیش لەبارەی (عەدنان کەریم)ی هونەرمەند کە بەلامەوە هونەرمەندێکی باڵایە، ئەوەیە کە پێشتر دەرم خستووە.

باش دەزانم کە عەدنان کەریم لە ئاستێکی باڵادا هەڵسوکەوت لەگەڵ گۆرانی بە هەموو توخمەکانییەوە دەکات، ئەوەش دەزانم کە توخمێک ناکاتە قوربانی توخمێکی تر و هاوشانیان ڕێ دەکات، بێ ئەوەی ماندوو بێ، ئەوەش ڕاستە کە هونەر و داهێنانەکان ئەوەیان لە هونەرمەندی باڵا دەوێ، (عەدنان کەریم)یش یەک لەوانە، بەڵام نە ئەو و نە هیچ کەسێک لە هەر ئاستێکی داهێنان و کارە جوانەکاندا بێت، ناتوانێ خۆی لە دەرەوەی ڕەخنە ببینێ و بەرهەمەکان لە هەر ئاستێکدا

بن، شەنوکەویان دەوێ و لە هەڵسەنگاندندا دەتوانین تەواوی گۆشەکانی ببینین، یان هەستی پێ بکەین، ئێمەیش ئەگەر (عەدنان کەریم)مان خۆش بوێت و بمانەوێ لە خزمەتی ئەو و هونەرەکەیدا بین، دەبێ ڕاستبێژ و بوێر بین لە دەرخستنی خاڵە نەرێنییەکانی هونەرەکەی کە بە بۆچوونی من کەمترین خاڵی نەرێنی بەر عەدنان کەریم دەکەوێ، ئیتر ئەو وەری دەگرێ، یان نا، بۆ خۆی و ڕێبازە هونەرییەکەی دەمێنێتەوە.

پێم وایە بۆ بۆچوونە جیاوازەکان ئەگەر بکەوینە دیالۆگێکی هێمنانەوە، پتر لە هەر کەسێک خزمەتی عەدنان کەریم دەکەین کە ئێستا بووەتە یەکێک لە ستوونە توند و کۆڵەگە پتەوەکانی گۆرانیی کوردی، بۆیە هەقی خۆیەتی ئەو هونەرمەندە ئەوەی تێپەڕاندبێ کە پێویستی بە موجامەلە بێت، بەشانوباڵ هەڵدانیش بۆ ئەو وەک گێڕانەوەی نوکتەیە، چونکە ئەو یەکێکە لە ناوە زۆر دیارەکانی گۆرانیی کوردی و ڕۆژانە دەنگی میوانی ماڵەکانە، لەبەرئەوە ئێستا ئەوەندەی پێویستی بە ڕەخنەی ڕژدە لەسەر بەرهەمەکانی، کەمتر پێویستی بە دەرخستنە کە خۆی دەرکەوتووە، ئەمەیە وامان لێ دەکات بەردەوام چاوەڕێی بەرهەمی نوێ و داهێنانی زیاتری لێ بکەین، ناکرێ ئەگەر ئەم ساڵ لە ئەلبومێکدا ئاستێکی هونەری پێشان داین، دوای دوو ساڵی تریش هەمان ئاستمان پێشان بداتەوە و تەنیا جۆری میلۆدی و شیعرەکانیمان بۆ بگۆڕێ، ئێمە لەگەڵ ڕێچکەی هونەریی عەدنان کەریم ڕاهاتووین و لە دوورەوە بۆنی دەکەین، بۆ بەرهەمی نوێ و داهێنانی نوێتر، چاوەڕێی بۆنێکی تر و جیاوازتر دەکەین کە دڵنیاین ئەو پیاوە دەتوانێ ئەوە بکات و دڵی جەماوەر و هونەرەکەیش خۆش بکات.

ماوەیەکی کەم نییە کە عەدنان کەریم ئەلبوومی "حەبیبە"ی بڵاو کردووەتەوە، بۆ قسەکردن لەبارەیەوە، ماوەیەکی زۆر چاودێریم دەکرد کە چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ، جێی داخە نەک هەر بۆی نەکرا، بەڵکو لە هەواڵە کورتەکان زیاتری لەبارەوە بڵاو نەکرایەوە، وێڕای ئاستی هونەریی ئەلبومەکە و تراکەکانی کە قسەی تر هەڵدەگرن، دڵنیام بە ئاسان نەهاتوونەتە بەرهەم و ماندوویان کردووە، کەچی وەک نووسین و هەڵسەنگاندن کەوتە پەراوێزەوە، بێ گومان بەرلەوەی بڵاو ببێتەوە، زۆرترین ڕیکلامی بۆ کرا، بەڵام بە ڕیکلام و هەواڵە کورتەکانیش، تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکە بوو نەک ڕەخنە و هەڵسەنگاندن کە لەلایەک عەدنان کەریم شایانی زیاتری قسەکردنە، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بکەوینە بەراوردەوە، ئەلبوومی "حەبیبە" هی ئەوەیە لەگەڵ ئەلبوومی "وەفایی" بەراورد بکرێ کە بڵاوکردنەوەیان نزیکەی هەشت ساڵیان نێوانە، بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر "حەبیبە"، دەبێ بە "وەفایی"دا بچیتەوە و بەراوردیان بکەیت تا بزانین لە "حەبیبە"دا دەیەوێ چیمان پێ بگەیەنێ.

من لە ساڵی ٢٠١٠دا بە نووسینێکی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنی ئەلبوومی "وەفایی" قسەی تایبەتی خۆم هەبوو و هەر ئەوکاتیش بەڵێنی ئەوەم دابوو کە چاوەڕێی ئەلبوومی دواتری دەکەین تا بزانین ئەو هونەرمەندە چی نوێترمان پێ دەگەیەنێ کە لە "وەفایی"دا نەمانبینیوە، واتە لە دوای "وەفایی"، ئەو هونەرمەندە چی خستنەسەر بەرهەمەکانی دواتری هەیە، بۆیە ئێستا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەلبوومی "حەبیبە"، دەبێ ئەگەر بەکورتیش بێت ئەو بەراوردە بکەین.

وەک گوتم پێشتر بە چڕی قسەم لەسەر "وەفایی" و تراکەکانی کردووە و ڕەنگە لێرەیشدا پێویستیم بە هەندێک ئاماژە بێت، چونکە ئەو ئەلبوومە دووبارە یاریکردنی عەدنان کەریم بوو لەگەڵ کلاسیک کە وامان لێ هاتووە تا ئێستایش ئەو هونەرمەندە بەو ستایلە بناسینەوە، بێگومان بەر لەو ئەلبوومە، بە ڕێژەیەکی زۆر هەمان ئەو جۆرە کارانەی کردبوو و هەر ئەوکاتیش ئێمە چاوەڕێی زیاتر و نوێترمان لێ دەکرد، بۆیە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکە و ستایلەکەی بۆ ئێمە نامۆ نەبوون کە وای کردووە ستایلەکە لەلای ئێمە بە "ستایلە عەدنانییەکە" بناسرێتەوە، لەلای منیش جوانییەکانی هەر هونەرمەندێک، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە جار لە دوای جار جەماوەرەکەی، یان هۆگرانی چاوەڕوانی پتر و زیاتری لێ بکەن و ئەویش ویستەکانیان داین بکات، بەتایبەتی ئەو بژاردەیەی جیا لە چێژوەرگرتن لە سۆزی دەنگی، بە چاوێکی ڕەخنەوە دیوە هونەرییەکەیشی وەردەگرن، کەچی عەدنان کەریم ئەو ستایلەی بەشێوەیەک وەرگرتووە و جێگیری کردووە، وەک نەتوانێ لێی دەربچێ و بەردەوام خەریکی جوینەوەیە، لەکاتێکدا بەپێی شارەزایی خۆمان، باش دەزانین کە تواناییەکانی ئەو هونەرمەندە، زۆر لەوە پترە کە پێشانمانی دەدات، کەچی لە دوای هەشت ساڵ کاری هونەری، ساڵدانە ساڵدانە هەمان ستایل لە ئەلبوومی "حەبیبە"یشدا دەبینین، بۆیە بەلای کەمەوە بۆ من، لە "حەبیبە"دا تەنیا چێژم وەرگرتووە نەک هونەری

نوێ و ناوازە، یان داهێنانێکی تر و جوانکاریی پتر کە بتوانین زیاتر قسەی لەسەر بکەین و شەنوکەوی بکەین، ئەمەیان بە جۆرێکە کە هونەرمەند دەیەوێ تەنیا ڕۆشنایی لەسەر بێ و بە جەماوەر بڵێ جارێ ماوم و دەتوانم کاری هونەری پێشکەش بکەم، واتە ئیتر بایەخ بە ئاستی هونەریی بەرهەمەکان نەدات و خۆی لە گۆشەیەکی دیاریکراودا گرمۆڵە بکات، ئەمەیشیان بۆ ئەو قورس دەکەوێ.

ئەوەی مەبەستی منە لەم هەڵسەنگاندنەدا، پتر دیوە هونەری و توانایییە شاراوەکانی ئەم هونەرمەندەیە، بەو واتایەی زۆری تر لەلای ئەو هونەرمەندە شک دەبرێ کە تا ئێستا پێی ئاشنا نەبووین، پێشتر گوتوومە ئەو چاوچنۆکییمان لە هونەرەکەی لەگەڵدا ناکات، بە پێچەوانەوە ئەو یەک لەو هونەرمەندانەیە کە زۆر دڵکراوە و سەخی تەبیعەتە لە خزمەت پێشاندان، بەڵام تەمەڵی، یان جێگیربوون لەسەر یەک ستایل، هی ئەوەیە بیخەینە بەر ڕەخنە و نەشتەرکارییەوە، چونکە باش دەزانین توانایی ئەو هونەرمەندە زۆر زیاترە لەوەی تا ئێستا کردوویەتی، ئەوەی ئێمە بە ڕوونی هەستی پێ دەکەین، ئەو توانایییە فرەیەیە لەلای ئەو کۆ بووەتەوە و جارێ کاری لەسەر زۆر لایەن نەکردووە کە دەتوانێ بیکات، یەک لە جوانییەکانی ئەو سەلیقەیەتی کە لە ڕۆشنبیرییە هونەرییەکەیدا خۆی کردووەتە خاوەنی، واتە ئەو هەست بە شتەکان دەکات، لەگەڵیدا هەست بەوەیش دەکەین کە ڕەخنەکان بە ئاسانی وەردەگرێت، دەمێنێتەوە تا چەند کاریان پێ دەکات، لەکاتێکدا ئەو پێویستی بەو پەلەپەلییە نییە کە بەم دواییە هەستی پێ دەکەین.

تۆ لە داهێنان گەڕێ و با لە گۆشەیەک بمێنێتەوە، هیچ نەبێ هونەرمەند لە "وەفایی"دا هەوڵی داوە جوانکاریمان پێشان بدات، ئێمەیش لێمان وەرگرتووە و بەڕاست توانیویەتی چێژی پتر بنوێنێ و بیگەیەنێت، بەڵام ئەگەر نەیتوانیبێ لە "حەبیبە"دا چێژی زۆر و سۆزی زۆر و جوانکاریی زۆرتر بگەیەنێ، کەواتە خستنەسەرەکەی چۆن وەربگرین؟ ئەگەر "حەبیبە" لە هەمان ئاستی هونەریی "وەفایی"دا بێت، چۆن بتوانین گەشەی هونەرەکەی دەربخەین کە پێشتر ئەو هونەرمەندە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی دەنگ و میلۆدی و موزیکی کوردی، گەشبینی کردبووین و بەردەوام لە چاوەڕوانی بەرهەمی نوێیدا بووین، هەموو ئەمانە بەو واتایە نییە کە لە "حەبیبە"دا شکستی هێنابێ، باش دەزانم کە لەوێشدا توانیویەتی ئەو چێژە بگەیەنێت کە پێشتر و لە بەرهەمەکانی تری گەیاندوویەتی، واتە ئەو چێژەی بەو جەماوەرە گەیاندووە کە ساڵانە چاوەڕێی بەرهەمی نوێی لێ دەکەن و دەیانەوێ لەگەڵیدا سەمای هونەری بکەن، بەڵام بۆ ئێمە و هونەری کوردی، چاوەڕێی داهێنانی پتر و بەلای کەمەوە جوانکاریی پترمان لێ دەخواست تا بتوانین قسەی لەسەر بکەین و ئەگەر تۆزێکیش بێت، ڕێنوێنی بۆ داهاتووی پێ بدەین.

لە "حەبیبە"دا هونەرمەند هەشت تراکی گۆرانیمان پێشکەش دەکات ئەوانیش "دڵی خەمبار- حەبیبە- دڵی نیشتمان-مانگی ڕوخسار-مەستی عەشق- نەسیمی ئەوین- ڕوحی ڕەوان- ڕۆژی تابان". ڕاستیتان دەوێ لە گوێگرتن لە گۆرانییەکان و وردەکارییەکان، هەستم بە جوانکارییەک نەکرد کە پێشتر نەیکردبێ و ئێستا بە کاری نوێ پێشانمانی بدات، ئەوانەی لەم ئەلبوومەدا کردوویەتی، دەیان جار لە بەرهەمەکانی پێشتری کردوونی و هەموومانی پێ ئاشنا کردووە و بەلای ئێمەوە شتێکی نامۆی تێدا نەبوو، بۆ کاتی خۆی زۆرترین چێژیشمان لەو جۆرە کارە لێ وەرگرتووە، خۆ ئەگەر قسە لەسەر موزیکیش بکرێت کە ماوەیەک موزیکی کامکارەکانی پێ پێشان دابووین و زۆرترین چێژی بەخشی، لە "حەبیبە"دا چەند ئامێرێکی بەکار بردووە کە جیاکارییەکی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشتری نییە، من لە گۆرانی "دڵی خەمبار"دا کە گۆرانییەکی سلۆیە و لەسەر هەردوو مەقامی عەجەم و چوارگا کاری کردووە، کە پتر ڕۆڵی بە پیانۆ داوە، ئەگەر موزیکەکەی لێ جیا بکەیتەوە، شتێکم نەبینی جیا بێ لە گۆرانییەکانی تری تەنیا چێژ نەبێ کە لەلای من وەک گۆرانی و ئەدا ئەو هەرچی بڵێ، بەلامەوە خۆش دەبێ و چێژم پێ دەبەخشێ، بەڵام بۆ نووسین و هەڵسەنگاندنی هونەری، چاوەڕێی زیاترم لێ دەکرد، لە گۆرانیی "حەبیبە"یشدا بایەخێکی زۆر بە هارمۆنیا دراوە کە دەتوانین بە گۆرانییەکی جوانی ئەلبوومەکەی وەربگرین، بەڵام ئەویش جوانییەکانی دەکەوێتە بەر موزیک، نەک میلۆدی و ئەدا کە هونەرمەند خاوەنی دەیان کاری لەو شێوەیەیە.

هەندێک گۆرانی هەن هیچ مەرج نییە دەنگێک پێتی بگەیەنێ تا چێژی لێ وەربگریت، زۆرجار چەند دەنگێک، یان لە ڕێگەی کۆرسەوە دەتوانی بەجوانترین شێوە بیگەیەنیت و هاوکات بەرهەمێکی ناوازەی لێ دەبچێت، جوانترین نموونە گۆرانی "کێ دڵی نیشتمان"ە

که لەو گۆرانییەدا جوانی نیشتمان جوانتر دەکاتەوە، لەوێدا "قژکاڵی لیو ئاڵی" ئاوێتەی نیشتمان کردووە که ئەمەیان لە تێکستەکەدا دەگەیەنێ، هاوکات نیشتمان دەکاتە ئەسپە ژنەکەی خەیاڵی خۆی، بەڵام ئەگەر بە وردی گوێی لێ بگری، هەمان گۆرانی ئەگەر بتەوێ جوانتری بکەیت، مەرج نییە دەنگێکی دیاریکراو بیڵێتەوە، واتە لە بری عەدنان کەریم، ئەگەر ئەو تێکست و میلۆدییە بە کۆراڵ پێمان بگەیشتایە، زۆر جوانتر دەبوو و ڕەنگە بڵێم دەبووە یەکێک لە شاکارەکانی کە ئەو هونەرمەندە چەند جارێک بەو جۆرە شاکارانە ئاشنای کردووین، بۆ گۆرانییەکانی "نەسیمی ئەوین" و "ڕۆژی تابان" هی ئەوە نییە قسەیان لەسەر بکرێ کە لە گۆرانییە ئاساییەکانی تری ئەو هونەرمەندە جیا نین ، واتە کە گوێیان لێ دەگرین، هەست ناکەیت گوێمان لە گۆرانییەکی نوێ دەبێ.

عەدنان کەریم بە هونەرمەندی ڕەسەن دەژمێردرێت، لەبارەی ڕەسەنیشەوە دژەبۆچوون زۆرن، هەریەک بەجۆرێک باس لە ڕەسەن و نارەسەن دەکات و تا ئێستا زۆرترین قسە لەسەر ئەو چەمکانە کراون، بەلای منیشەوە بەسەرسەختی داکۆکی لە ڕەسەن دەکەم و نارەسەنیش ڕەت ناکەمەوە، ڕەسەن بەلای منەوە سۆزی کوردییە، وەک ئەوەی ستایلە جیاجیاکان بێت، بۆ نموونە گوێ لە دەنگی عەدنان کەریم بگرە و بە وردی لێی ورد ببەوە، هەست بەو سۆز و ڕەسەنایەتییە دەکەیت، هەندێک ستایلی گۆرانی هەن هیچ پێوەندییان بە کوردەوە نییە، بەڵام ئەگەر عەدنان کەریم، یان بەهجەت یەحیا و بورهان مەجید بیانڵێنەوە، ناتوانن لە سۆزە کوردییەکە زیاترت پێ بگەیەنن، چونکە لە بنچینەوە دەنگی ئەوان دروست ڕەسەنی کوردییە، وەک ئەوە وایە هونەرمەند حەسەن گەرمیانی "مەوال"ێکی عەرەبی بڵێت و تۆ بتەوێ وەک سۆزی عەرەبی لێی وەربگریت کە هەرگیز ناتوانێ ئەوەت پێ بگەیەنێ، چونکە ئەو لە بنچینەوە دەنگێکی کوردیی گەرمیانییە و هەر شتێک بڵێ، ناتوانێ لە سۆزە کوردییەکە دوور بکەوێتەوە، ئەوەیە جیاوازییەکانی نێوان ڕەسەن و نارەسەن، لەگەڵێدا ناتوانین تەنیا لەسەر ستایلە کوردییەکان خۆمان گرمۆڵە بکەین و لەم بۆتەیە بمێنینەوە، کورد بۆ ئەوەی گۆرانی خۆی بە دنیا بناسێنێ، دەبێ لەسەر هەموو ستایلەکان کار بکات، بەو مەرجەی سۆزە کوردییەکەی نەدۆڕێنی، لەکاتێکدا کەم نین ئەو هونەرمەندانەی دەمێکە دۆڕاندوویانە و بەناوی داهێنان و جوانکارییەوە دەیانەوێ پێمانی بگەیەنن کە دەڵێین هونەرمەندی ڕەسەن، عەدنان کەریم یەک لەوانە و یەک گۆرانی نییە لە ڕەسەنایەتی دوور کەوتبێتەوە، نەک هەر نەیکردووە، بەڵکو ناتوانێ لەو بۆتەیە بترازێ.

تۆ لە ئەلبوومی "حەبیبە"دا بە وردی گوێ لە گۆرانی "مانگی ڕوخسار" بگرە و لەوێدا هەست بەو ڕەسەنایەتییە دەکەیت کە پێشتر باسم لێ کردووە، پێویستیت بەوە نییە نۆت بە نۆت لەگەڵیدا بڕۆیت و شیکردنەوەی بۆ بکەیت، تەنیا بە سۆز دەتوانی ڕەسەنایەتییەکە بدۆزیتەوە، لەوێدا مەقامی "بەیات"ی بەکار بردووە و دروست بەیاتێکی کوردیت پێ دەگەیەنێ، خۆ ئەگەر قسە لەسەر ڕەسەنێتیی گۆرانی کوردی بکرێ، "مانگی ڕوخسار" جوانترین نموونەیە پێشانی بدەی. لە گۆرانی "مەستی عەشق"یش هەمان ڕەسەنایەتی هەست پێ دەکرێت کە لە "مانگی ڕوخسار" هەستت پێ کردووە، ئەو گۆرانییە لەسەر پەیژەی مەقامی "ڕاست"ـە و لە ناوەندا بۆ سەر "بەیات" وەردەچەرخێت و دواتریش لەسەر "ڕاست" دەگیرسێتەوە. لەناو هەموو گۆرانییەکانی "حەبیبە"دا گۆرانییەکانی "کێ دڵی نیشتمان"، "مانگی ڕوخسار" و "مەستی عەشق"ی لێ بترازێ، هەست بە شتێک ناکەیت جیا بێ لە گۆرانییەکانی پێشتری، ئەو سێ گۆرانییەیش ئەوەی جیایان دەکاتەوە لەوانی تر، تەنیا سۆزی ڕەسەن و چێژی هونەری زیاتر، خستنەسەرێکی نوێ نابینی، بۆیە دەتوانین بڵێین عەدنان کەریم لە "حەبیبە"دا لە جوینەوەی گۆرانییەکانی پێشتر، شتێکی وای پێشان نەداوین کە بتوانین بە داهێنان و جوانکاری لێی وەربگرین.

هەموو ئەمانە بۆچوونن و دژەبۆچوونیش هەڵدەگرن، ئێمەومانان کە قسەی لەسەر دەکەین، سەرچاوەی زانیاری زیاتر لە (٣٠) ساڵ کارکردنە لەسەر موزیک و گۆرانی و مەقام، بۆیە کە دەڵێم عەدنان کەریم لە "حەبیبە"دا شتێکی نوێی نەکردووە، کەمکردنەوە نییە لە هونەری ئەو هونەرمەندە، چونکە ئەو گەیشتووەتە ئاستێک چاوەڕێی زیاتری لێ بکەیت و ناتوانی وەک هونەرمەندێکی ئاسایی لێی بڕوانیت، کە هەمیشە دەبێ نوێکاری هەبێت و بیگەیەنێ، ئەوەی لەلای من گرنگە، وەرگرتنی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانە لەلای کەسی خۆی، چونکە ئەوەی کار لەسەر ڕێوشوێنە هونەرییەکان و گەمە ستایلییەکان دەکات، هونەرمەندەکە خۆیەتی نەک ئێمە، بۆیە دووپاتی

دەکەمەوە، ئەو هونەرمەندە تا ئێستا توانیویەتی لە ئاستێکی باڵای داهێنانەکاندا خۆیمان پیشان بدات، بەڵام بەپێی ئەلبوومەکانی "وەفایی" و "حەبیبە"، پێ دەچێ بیەوێ لەسەر هەمان ستایل درێژە بە کارەکانی بدات کە ئێمە چاوەڕێی زیاتری لێ دەکەین، بۆیە ئێستا تەنیا دەتوانین چێژ لە دەنگەکەی وەربگرین، نەک داهێنانی تر و جوانکاری زیاتر.

لە نووسینێکی تردا پێشتر پێشنیاری ئەوەم بۆ عەدنان کەریم کردبوو کە هونەری کوردی چاوەڕێی داهێنانی زیاتری لێ دەکات، ئێمەش بێگومانین ئەو دەرەقەتی دێت، چونکە لە موزیک، میلۆدی، هەڵبژاردنی شیعر و ئەدادا بێ دەستوپل نییە، شارەزایی لە مەقامەکان دەرگەیەکی گەورەی بۆ دەکاتەوە کە بتوانێ زۆر لەوە زیاتر بکات کە پێشتر کردوویەتی، ئێستە ئەگەر بمانەوێ ئەم هونەرمەندە باڵاتر ببینین، دەهێنێ بۆ داهێنانی نوێتر ڕێنوێنی بکەین، وەک پێشتر گوتوومە ئەوەی لە "نامەکەی نالی بۆ سالم" کردوویەتی، بەجوانترین داهێنانەکانی موزیک و میلۆدی و دەنگ و ئەدای ئاشنا کردووین، ئێمە لەڕووی جوانی هونەرەکەیەوە ئەو کارەی ئەومان بە شاکار وەرگرتووە، خۆ ئەگەر تا ئێستا لەبارەی ئەو بەرهەمەوە قسەمان نەکردبێ، خەوشێکە لەلای خۆمان، بەڵام هەموومان کۆکین لەسەر توانایییە گەورەکەی ئەم هونەرمەندە، بۆیە دەتوانین ڕێنوێنی بکەین بۆ نامەیەکی تر لە شاعیرێکی نوێخوازەوە بۆ شاعیرێکی تری نوێخواز، بۆ نموونە دەتوانێ نامەیەکی شێرکۆ بێکەس بۆ قوبادی جەلی زادە بنێرێ و وەڵامیشی بۆ وەربگرێتەوە، هەموو ئەو نامانە لە ڕێی قەڵەمی شاعیرێکی تری نوێخوازەوە لە بەرهەمێکی هونەریی باڵادا بخاتە بەر چاو و گوێمان. ئاخر ئەگەر دڵنیا نەبین لە تواناییەکانی ئەو هونەرمەندە، ناتوانین ئەو ڕیسکە بکەین و داوای داهێنانێکی لەو جۆرەی لێ بکەین.

کەواتە بۆ هونەرمەندێکی نوێخواز، کاری نوێخوازیانەمان لێ دەوێت، ئەو پێگەیشتوو و قاڵ بووی بوارەکەی خۆیەتی، لە پەیبردن بەو تەرزە کارانە، چ ڕێگری و ئاستەنگێکی ناکەوێتە پێش، بۆ ئەو ئەستەم نابێ ئەو نامەیەی نالی بۆ سالم ناردوویەتی، چامەی شاعیرێکی نوێ بگەیەنێتە هاوشانەکانی و میلۆدییەکی نوێی پێ بەرجەستە بکات، چونکە بۆی دەبێتە گەمەیەکی تری هونەری و ئاوێتەی داهێنانەکانی تری خۆی دەکات، بۆیە ناکرێ تاهەتایە ئەو هونەرمەندە لەسەر ئەم ستایلە بوەستێ و خۆی جێگیر بکات، لەکاتێکدا توانایی زۆر لەوە زیاترە کە دەتوانێ بینوێنێ، ئەوەی لە گەمەکانی لەسەر شیعرە کلاسیکەکان ماوەیەکی زۆرە پێشانمانی دەدات، پێشتر وەک داهێنان و جوانکاری لێمان وەرگرتووە، دەمێنێتەوە چی تری لە هەگبەدایە وەک داهێنان بیخاتە ڕوو.

بۆ ئێمەی نووسەر، نووسین و ڕاستگۆیی تووشی زۆر کێشەمان دەکات و خەڵکمان لێ دەڕەنجێنێ، خەڵکی ئێمە فێر بوون تەنیا بەشانوباڵیان هەڵبدەیت و ئامادەی وەرگرتنی کەمترین ڕەخنەی نەرێنی نابن، یان ڕێنوێنییان بکەیت، هونەرمەندی باڵای کورد هەیە کە لەبارەیەوە نووسینی زۆر درێژم بڵاو کردووەتەوە کە پێیەوە ماندوو بووم، لە تەواوی نووسینەکەمدا قسەم لەسەر جوانی و کارە جوانەکانی کردووە، تەنیا لە خاڵێکدا ڕۆشناییم خستووەتە سەر کارێکی لاوازی، پێی وابووە نووسەرێکی نەخوێندەوار لەبارەیەوە قسەی لەسەر کردووە، یان نووسیویەتی، بێ گومان مەبەستم لە زۆرینەی هونەرمەندانە کە خاوەنی هەمان بۆچوونن، ڕەنگە عەدنان کەریم هەندێ لەوانی تر جیا بێ، ئەگەر ئەو گەورە نەبێ، ناتوانین داوای کاری گەورەی لێ بکەین، ئەو هونەرمەندە لەلای من باڵایە و ئەگەر ئێستایش بارگەی تێکبنێ و لە گۆرانی دوور بکەوێتەوە، تاهەتایە لاپەڕەکانی مێژوو لە خۆی دەگرێ، واتە عەدنان کەریم ئەوەندەی کردووە کە نەکەوێتە پەراوێزەوە، یان فەرامۆش بکرێت، خۆزگە بە ئەقڵێکی گەورە و گەورەتر لە خۆی ڕەخنەکان وەربگرێ کە گومانم نییە لەوەی ئەوەندەی لە سوودی هونەری کوردییە، ئەوەندەیش لە گەورەیی خۆی گەورەتر دەکاتەوە.. وەک ئەوەی لە کەسێکیان پرسی: ئەوە چییە ئەوەندە قسەی قەڵەو و گەورە گەورە دەکەیت؟ ئەویش گوتبووی بێ گومان پیاوی گەورە قسەی لاواز ناکات، دەبێ قسەی گەورە بکات، ئێمەیش چاوەڕێی داهێنانی گەورەتر لەوەی کردوویەتی، لە عەدنان کەریم دەکەین.